ئەندونوسیا دەنگدانی بە سەر سەرکایەتی دەستپێکرد

دەنگدەران لە ئەندونوسیا ، ئەمڕۆ چوارشەممە دەستیان کرد بە دەنگدان بۆ هەڵبژاردنکانی هەرسێ سەرکایەتیەکە، کە لە نزیکەی ٨٠٠ هەزار بنکەی دەنگدان، کە کاتژمێر حەوتی بەیانی دەرگاکانیان بۆووپاندا کردەوە.

داوا لە نزیکەی 205 ملیۆن دەنگدەری وڵاتەکە کرا رووپان لەبکەن بۆ هەڵبژاردنی سەرکی نوێ، نوێنەرانیان لە پەرلەمان و نوێنەران لە ئەنجومەنە خۆجێیەکان.

یەکەم بنکەکانی دەنگدان دەرگاکانیان بۆووی دەنگدەراندا کردەوە لە پاپوا کە ڕۆژهەڵاتیترین پارێزگای دوورگەکانە.

دەنگدان تەنها شەش کاتژمێر دەخایەنێت، چونکە بڕیارە کاتژمێر 1:00ی پاشنیوەڕۆ GMT 06:00 کۆتایی پێبێت.

جگە لە سەرکە نوێیەکیان، ئەمڕۆ چوارشەممە، خەڵکی ئەندونوسیا ٥٨٠ ئەندامی پەرلەمان هەڵدەبژێرن، هەروەها ٢٠ هەزار ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرایەتی ناوچەیی و ناوخەیی هەڵدەبژێرن.

برابوو سوبیانتۆی وەزیری بەرگریی و جێنەرالی خانەنشین خاوەن زۆرترین چانسە بۆ شوێنگرتنەوەی جۆکۆ ویدۆدۆ بە سەرکایەتیی وڵاتەکە.